# چریکەیەک لە تاریکستانی وڵاتی ئێمەدا

**تاهیر حامیدی**
**(سەقز)**

ڕۆمانی چریکە و تاریکستانی ساڵە سپییەکان، بەرهەمی نووسەری بۆکانی "بریا کاکە سووری" ئەم ساڵ لە لایەن پەخشانکاری "بیریار" لە شاری سەقز کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە، ڕۆمانەکە لە ٢٨٥ لاپەڕەدا ناسنامەی خۆی خستە نێو کتێوخانەی کوردەوارییەوە، ئەمە جێی خۆشحاڵییەکی زۆرە کە ئەم هەوڵە دەبێتە هۆی دەوڵەمەند بوونی کتێوخانەی کوردەواری و داهاتی وێژەی کوردی پێ ڕازاوەتر دەبێت، بە تایبەتی دەبێ ئاگامان لەو بابەتە بێت کە وێژە و ئەدەبی ئێمە بەو جۆرەی کە هەوڵی بۆ شیعر لە ڕابوردوودا و ئێستاشی لەگەڵ بێت داوە، نەپەرژاوەتە سەر باقی جۆرە ئەدەبییەکانی دیکە، چیرۆک و ڕۆمانی ئەمڕۆی سەردەمی نوێ، لە ناو ئەدەبی باقی گەلاندا، جێگە و پێگەی خۆی وەک جۆرێکی ئەدەبی لە جموجووڵ و بە وزە بۆ ئاڵوگۆڕ دابین کردووە. هەوڵی نووسەرانی ئێمەش بۆ تاقیکردنەوەی ئەم بوارە، خاترجەمییەکی تایبەتی لە خۆمانمان پێ دەبەخشێ، ئێمەش بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین ئەم بەرهەمانە بخوێنینەوە و بۆ گەشەکردنی فەرهەنگی موتاڵا، جەماوەریش بۆ خوێندنەوەی ئەم ئەزموونە تازانە هان بدەین.

ئەم ڕۆمانە لە هەوڵ نیگا و خوێندنەوەدا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە خۆی نیشان دەدات، ڕواڵەت و پێکهاتی ئەم بەرهەمە لە ئاوێنەیەکی لەتوپەتکراو دەچێت کە دەتوانین خۆمانی تێدا ببینین، بەڵام هەر لەتێک، بەشێکی بچووک و جیاواز لە بوون و ڕوخساری ئێمەی تێدایە کە تەنانەت بە پێکەوە لکاندنەوەی ئەم بەشە لەتوپەتانەش هێشتا بیچمێکی یەک دەست و سافوسۆڵ لە مرۆیەکی ئاساییمان بۆ ناچێتەوە سەریەک.

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین بڕێک لەسەر ئەو بابەت و هێما دەروونییانەی ناو ڕۆمانەکە بدوێین وا لە ڕواڵەتدا لە بواری پێوەندییەوە لەیەک دوورن، بەڵام بە وردبوونەوە لە ناخی کارەکە تێدەگەین جووڵانەوە لە توێژە ژێرووییەکانی ڕۆمانەکەدا لەئارادایە.

(١)

"چریکە" لە دایک دەبێت و ئەمە دەسپێکی دەست پێکردنی دنیایەکی نوێیە، دەبوو وابێ، بەڵام ئەمە لە دنیای واقیعدا وەدی نایەت، کۆمەڵگایەکی تا سەر ئێسقان سەرەڕۆ، توانایی بینینی پێکەنینی پڕ لە سەربەستی چریکە، کچی نازداری دوکتۆر "عەزیز ئاگری" نییە و هەر بۆیە دەست دەداتە داڕشتنی پیلانێک بۆ کوشتنی ئەو، کوشتنی چریکە دەبوا زاڵ بوونی تاریکایی بەسەر ڕووناکاییدا ببوایە و بزەی سەربەستی ڕەشپۆش بکردایە، بەڵام ئەمە تازە سەرەتای کارە و ئەو دنیا وەدی نەهاتووە، خۆی دەخزێنێتە نێو پەڕەکانی ڕۆمانی چریکەوە، ڕۆمانی چریکە دەخولقێت و تازە کەس ناتوانێ

ئاواتە شارەکەی دوکتۆر عەزیز ئاگری و نەمامە جوانەمەرگەکەی بفەوتێنێت.
چاندن، ڕاگرتن و گەورەکردنی نەمامێک، چەندە سەختە، منداڵێک سەد ئەوەندە گەورەکردنی چەندە ئەستەمە، بیستنی هەواڵی مەرگ و ئەویش کوژرانەکەی چ کارەساتێکە، ئەویش چ کوشتنێک؛ بەر لە مەرگەکەی دەبێ بە زۆرداری دەستدرێژی بکەنە سەری تا بەشکم بە زۆری زۆرداری لە ڕوانگەی خۆیانەوە پیسیی زەلیلانەی خۆیانی بکەن تا ڕێگای حەسانەوە لەو دنیاشی لێ ببەستن، ئەمە دەبێ وەک مێژووی تاوان بنووسرێتەوە، نووسینەوەی ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی دایکی چریکە، دۆزەخێکی ئاورین ئەگەر وەسفیمان بیستووە باس و نووسین لەسەر ئازار و دەردێکی هەر ئا لەم قەوارەدایە. لێرەدایە ئێش و ژانی ئەم دەستدرێژییە مێژووییە، دەبێتە بەشێک لە ڕۆمانی چریکە و ناوی "نووسینەوەی دۆزەخە". دایکێک وا چریکەی لە خۆیدا هەڵگرتووە بە ژانێکی زۆرەوە دایناوە، ئێستا بە جەستەیەکی ژاناوی و سووتاوەوە وەک دۆزەخێکی ئاگرین لە خۆی دەگرێت، دایەپۆشێ و داڵدەی دەدات، ئەم دایکە هەڵگری ئێش و ژانێکی دۆزەخ ئاسای مێژووییە و دەرد و ژان نەبێ بیرەوەری خۆشی پێ نییە بۆ گێڕانەوە!
دەستەیەک "مەتەرێزی مەرگ" قایم دەکەن و دەستەیەکیش بێ دەرەتانن لەوەی هەواڵی مەرگی خۆشەویستەکانیان لەو مەتەرێزانەوە وەربگرن. لە شەوێکی خوڕەمەباراندا دێن بە شوێن دوکتۆر عەزیزدا و دەیبەن بۆ مۆڵگەی مەتەرێزەکانی مەرگ، بنەماڵە و "پاموورە"ی خێزانی لە هەیبەتدا هەواڵی مەرگی چریکەیان لەبیر دەچێتەوە، دەڵێی ئەمە پیشەی هەمیشەیی بکوژەکانە کە بە دروستکردنی خەم و ترسێکی گەورەتر لە ئەو ترس و خەمە داسەپاوەی ئێستا بە قەناعەتی ئەوەمان بگەیەنن کە ئاکامی خراپتریشی بە دواوە هەیە و دەبێ بەم ترس و خەمەی ئێستامان شاد و شوکور بین.
کەسوکاری دوکتۆر و هەموو ئەوانەی وا شەوی هەواڵە ناخۆشەکە لە ماڵی ئەواندا دانیشتوون، ترسی ئەوەشیان بار دەبێت کە تازە دوکتۆر ئاگریش نەیەتەوە و وەک چریکە دەیفەوتێنن، کە دوکتۆر دێتەوە هەموو هێزێکیان دێتەوە بەر، بەڵام هەواڵی مەرگ و بە خاک سپاردنی چریکە وەها لەسەر دەروونی دوکتۆر کاریگەر دەبێت کە تازە نابێتەوە بە پیاوەکەی جاران و دیلی خەفەتێکی کوشندەی دەروونی دەبێت، دوکتۆر عەزیزێک کە تەنانەت لە ڕۆژانی بەندیخانەی پێش گرتنی چریکەش دا قەت چۆکی دانەداوە و ئاواتی زەلیل بوونی خۆی وەک داخێک بە سەر دڵی ئەشکەنجەگەرەکاندا چزاندووە.
کوژرانی کچەکەی، کەلێنێکی گەورە لە ڕوحی ئەودا دەکاتەوە و دەبێتە گرێیانەیەک کە سارێژ بوونەکەی وەک زامێکی زۆر سەرسەختی لێ دێت.
دوکتۆر لە خەفەتی ئەو بەسەرهاتە، تازە وەک خۆی لێ نایەتەوە و لە داخان لە تەنیایی و لە کێشکی قەبرە تەنیاکاندا دیقی تەریکی دەکات، پامورەی خێزانی دوکتۆر ئاگری تاک و تەنیا، خەفەتی دوانینە لە دڵیدا دەمەیی و نازانێ بە چی ئەم برکە سارێژ بکات، هەر بۆیە پەنا دەباتە بەر نووسین و نووسین دەکاتە مەتەرێزی بەرخۆدان و تاقەت هێنان، دوکتۆر عەزیز بیرەوەرییەکانی خۆی لە چەند دەفتەردا نووسیوە و داویەتی بە "فوئاد"ی برای خۆی تا لای خۆی ڕایان بگرێت، پاموورەی دایک، دەفتەرەکان لە فوئاد وەردەگرێت و دەبێت بە وێژیار و بگێڕەوەی سەربوردەی خەفەتاوی چریکە.
دیارە دوکتۆر دوای گۆڕانی بە هۆی مەرگی چریکەوە دەست لە کار و تەنانەت فیکری حزبی و چالاکی سیاسیش هەڵدەگرێت و پەنا دەباتە بەر ئارامش و حەسانەوە لە دنیای بەرین و پۆلایینی ئەدەب، بە تایبەتی چیرۆک و ڕۆمان.



(٢)

رۆمانی چریکە هەوڵی داوە تا شێوازێکی نوێ لە رۆماننووسی کوردیدا تاقی بکاتەوە، هەرچەندە سەربوردەی ژیان و ئاکامی بنەماڵەی دوکتۆر عەزیز ئاگری بووەتە هەوێنی دەست پێکردن و نووسینی ئەم کتێبە، بەڵام نووسەر تەنیا قەناعەتی بە گێڕانەوەی سەربوردەی ئەوان نەکردووە، زۆرێک لە بەشەکانی رۆمانی چریکە بە ڕواڵەت لە گەڵاڵەی سەرەکی چیرۆک دوور دەکەونەوە و خوێنەر وا دەزانێ پێوەندییەکی مانایی و مەنتیقی لە نێوان ئەو بەشە پەرشوبڵاوانەدا بوونی نییە، بەڵام ئەگەر وەک گشتێکی زیندوو لێی بڕوانی و بە پێوەرێکی نەزەرییەوە لێی ورد ببیتەوە، تێ دەگەی کە بەشە جیاجیاکان ویستوویانە بۆ دروست کردنی جەستەیەکی زیندوو، لە جموجووڵ و بە زاکوون تێ بکۆشێت. بۆ لکاندنی ئەو بەشە جیاجیا و بە ڕواڵەت لە یەک دوورانە، دەبێ قووڵتر لە گەڵاڵەی بینا و ژێرخانە نهێنییە دامەزراوەکانی ئەم رۆمانە ورد ببینەوە.

پاڵەوانێک پەیدا دەبێ و لافی زۆر گەورە گەورە لێ دەدا کە دەتوانێت چ کارگەلێک بکات، لەسەرەتاوە خەڵک هەرچی لە ڕواڵەتی دەڕوانن، لەوە ناچێ ئەو پیاوە پاڵەوانێک بێت و بتوانێت داواکانی خۆی جێبەجێ بکات، پاڵەوان خەڵک چاوەڕوانی بەرێوەبردنی شانۆیەکی زۆر بێ وێنە و ئەنتیکە لە گۆڕەپانی سەرەکی شاردا دەکات. لەسەر ئەم داواکارییەش لە ئاسنگەری مەزنی شار دەپارێتەوە تا یارمەتیدەری ئەو بێت و لە نوێڵ و گوڵ مێخ و لە سەدان گەز زنجیری بۆ دروست بکات تا ئەم پاڵەوانە لەڕولاوازە لە رۆژی خۆی و بەزمی خۆیدا نوێڵ لە مەچەکی بئاڵێنێ، گوڵ مێخ بە ددان بکرۆژێت و قەف قەف زنجیرەکان وەک تاڵە دەزوو بپچڕێنێت، بڕوا کردن بەم داوا دوور لە ڕاستییە لای خەڵک زۆر ئاستەمە، بەڵام وزەیەک لە حەقیقەت لە دەروونی پاڵەواندا هەیە و نەک خەڵکی شار، بەڵکو خوێنەریش بە شوێن خۆیدا پەلکێش دەکات و زەینمان بەرەو بیستنی کۆتایی و ئاکامی رۆژی بەرێوە چوونی شانۆ هەڵدەپەسێرێت. بە ڕاسی ئەو هێزە چییە وا ئەو پیاوە نامۆیە لە نێو شاردا دەکاتە ئاشنا و میوانی تایبەتی هەموو ماڵەکان و خەڵک بەسەر ئەوەیدا هیچ پاڵەوانییەک لە ڕوخسار و ڕواڵەتیدا نییە، بڕوای پێ دەکەن و چاوەڕوانی رۆژی شانۆکە دەبن؟ تەنانەت کاتێک لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بانگهێشت دەکرێت تا وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە کە لێرە چی دەکا و بۆچی خەڵکی لە خۆی ئاڵاندووە؟ زۆر بە جوانی لەو بەند و داوە پڕ لە مەترسییەی دەزگای دەسەڵاتیش خۆی دەرباز دەکات و دادوەرەکەش ئەفسوونی ڕاوێژ و دەم و لەبزی خۆی دەکات، لێرەدایە کە پاڵەوان لە دادگادا ڕۆڵی شارزاد و گێڕانەوە لە خۆی دەنوێنێت و کاریگەری گێڕانەوە لە سەر هەموو جۆرە مرۆڤێک پیشان دەدات.

رۆژی خۆی دێت و مەنتیقی رۆمان خۆی نیشان دەدات کە چۆن دەتوانین ئەستەمترین و نەکردەترین کارەکان لە چوارچێوەی گێڕانەوەدا بکەین بە کارێکی زۆر بنەڕەتی، بڕوا پێکراو و کردەنی، بۆچی نەڵێین پاڵەوانی شانۆکارمان وا ئەو خەڵکەی بە شوێن گێڕانەوەی خۆیدا ڕاکێشا و بە کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری یەک، پاڵەوانیتی خۆی بە هێزی جەماوەر سپارد، زنجیری لە پەیکەری پاشا و دیکتاتۆری شار ئاڵاند و لە گۆڕەپانی سەرەکی شاردا بە یارمەتی هێزی جەماوەر تلاری کردەوە، هەمان دەسەڵاتی مێژوویی چیرۆک و گێڕانەوە نەبێت؟ لێرەدا هێزی رووخێنەر و لە هەمان کاتدا خوڵقێنەری رۆمان لە وجوودی پاڵەوان "کەیخوسرەو"دا خۆی پیشان دەدات.

(٣)

لە ناخی روحی کۆمەڵگادا شۆڕش و ئاڵوگۆڕێک بەردەوام لە ئارادایە، ئەم شۆڕشە بوومەلەرزەیەکە و خەریکە وڵات دەگۆڕێ و هەڵیدەتەکێنێ، ڕواڵەتی ئەم شۆڕشە بەردەوامە، دەتوانێت دوو شێوازی ببێت، یان لە رووداو بێت بە گرمە و تەقەتەق و هەرایەکی بێ سامانەوە، یان لە ژێرەوە بێت و بە قین و قار و بێ دەنگییەکی ئاوری ژێر کایانەوە. لە ڕەوتی ئەم ئاڵوگۆڕەدا زۆر کەس دەبنە قەڵغانی کەسانی تر و ئەرک و دەردەکان بە سەر ئەواندا دەڕووخێ، وزەی سەرەکی ئەم ئاڵوگۆڕە، مرۆڤە هەڵکەوتە و جیاوازەکانن، هەر ئەم جیاوازی بیر و بڕوایەش دەبێتە هۆی ئەوەی تیخی تیابردن و سەرکوت بەرەو رووی ئەوان دابێتەوە و تێیاندا بەرێت، لێرەدایە بە پێچەوانەی مەیلی خۆمان ئەم ئاکامە بە مێشکماندا دێت کە هەر کەس بیرێکی جیاوازی هەبوو سزای مەرگ و نەمانە، لە ئاکامدا سزای بیرە جیاوازەکان وای لێ دێت کە پاش مەرگیش قەبرێکیان پێ ڕەوا نابینن!

لە رۆمانی چریکەدا لە سەر ناساندنی پیاوێکی گەورە و رووناکبیری ڕاستەقینەی وەک دوکتۆر ئاگری ئاورێک

له پێناسه و تاریفکردنی زۆرێک له بابەتە فەلسەفی و جوانی ناسەکییەکان دراوەتەوە، لەم پێناسەیەدا کە لە ڕەوتی گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا شوێن پێی دەدۆزینەوە، ئاوامان بۆ دەردەکەوێت کە ڕووناکبیری لە وڵاتی لای ئێمەدا، هونەرە! جا بۆیە هونەروەرەکانمان لە برگە جۆراوجۆر و هەستیارە مێژووییەکاندا جێگای ڕۆشنبیریشیان پڕ کردووەتەوە، ئەمان دەبێ چاوەڕوانی خەڵک سارێژ بکەن و بتوانن ئەو خەڵکەی وا چەنای چەند ڕۆژەڕێ لێیان دوورن، بە شوێن خۆدا ڕاکێشن و بەرەو پێشەوەیان ببەن، خەڵکێکی دەم بە هاواری بە پەلە وا دەیەوێ ئاڵوگۆڕەکانی لە ئانوساتێکدا ساز بن و کەسێک ببێ هەموو ئەم ئەرکانەیان بۆ لە ئەستۆ بگرێت. لە وڵاتی ئێمەدا هونەرمەند لە شەوی پەردە و بووک و زاوایەتیدا لە باوەشی حەز و ئۆخژنی خۆشەویستی ڕفێنراوە و بە ڕیزی گوللە باران سپێردراوە، لێرەدایە کە نابێت هونەرمەند و ڕووناکبیرمان فریوی ئەو لەشکرە ڕەشۆکییە بخوات تا ئەوان خۆیان بەماندا هەڵواسن و نوقمی ئەرزیان بکەن.

پەیامی مەزنی ئەدەبیات ساز کردنی سەربەستی و ڕزگاری دەروونییە، جا نووسەر دەبێت ئەم پەیامە مەزنە هەوڵ جار لە لای خۆی دابین و جێگیر بکات، دەنا وا نەبێت زۆر "بە سانایی بە چوار چیرۆکە شڕەوە داوڵی مامۆستایەتی لێ ساز دەکەن و دەیکەنە دێو و درنجە ئەفسانەییەکانی ئەدەبیاتی نەتەوەیەک." ئەم کۆمەڵگایە وا لە جێی خۆ و لە قوڕی دوای گۆپاڵەباران چەقیوە، وڵات و کۆمەڵگایەکی دژە ڕەخنەیە و تەنیا ڕوو لەو کەسانە خۆش دەکات وا پێیدا هەڵدەڵێن و جەژنی مامۆستایەتی و پێدا هەڵخوێندنی بۆ دەگرن، دەنا بە گرتنی چکۆلەترین ڕەخنە، بە سەرتدا دەڕووخێن و دەبنە دوژمنی برا کوشتەت، لێرەدا تیخی ڕەخنە بەرەو ئەو مرۆڤە بە ڕواڵەت هونەرمەند و ڕۆشنبیرانە دەبێتەوە کە لە فووی ڕەخنە دەترسن و لێی غەیب دەبن، ترسی سەرەکی ئێمە لەوەیە کە ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگایەک لە سەر دەستی ئەم بە ڕواڵەت هونەرمەندانە بێت و دیسانەوە سەرەڕۆیی لە سەردەستی ئەمانە ساز و جێگیر بێتەوە.

(٤)

یەکێکی تر لەو بابەتانەی وا ڕۆمانی چریکە هەوڵی بۆ داوە، ڕۆیشتنە خوارێ بە ناخی کۆمەڵگای کوردەواری و ئەو توخمە سەرەکییانەدا بووە وا لە دروستکردنی کۆمەڵگای ئێمەدا کاریگەر بوون، ناسینی خۆمان و شوناسی تایبەت بە خۆمان چرای ڕێگا و ڕێپیشاندەرمان دەبێت، کە ئێمە لە بەرانبەری دیتران خۆمان دەبینین و خۆ دەنوێنین؛ دەبێ پێناسەیەکی پتەومان بە دەستەوە بێت و خوێندنەوەیەکی قووڵمان لە خۆمان هەبێت.

بۆ ناسین و ڕێ تێبردنە ناو کولتووری کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان قووڵترین و قورس و قایمترین ڕێگا ناسین و شیکردنەوەی بایەخە سەرەکییەکانی ئەو کۆمەڵگا و لە لایەکی ترەوە بیر و بڕوا قووڵەکانیانە کە باقی ئاکار و هەڵسوکەوتی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە لە ڕووی ناسینی ئەو بایەخە بنەڕەتییانەوە مسۆگەر دەبێت، تەنانەت گەیشتن بە زانیارییەکی ڕوون و بەرچاو لە شوناسی خۆشمان ناسینی ئەو بایەخە سەرەکییانە وا لە لایەن بیرمەندانەوە بە کارێکی زۆر بنەڕەتی ناسراوە و کار و لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر کراوە. لە باسی بایەخە بنەڕەتییەکاندا، مرۆڤناسی وەک کۆڵەگەیەک ڕەچاو کراوە کە بەیس و ژێرخانی کولتووری تایبەت بەو کۆمەڵگایە لەسەر ئەو کۆڵەگەیە دانراوە.

ڕوانگەی مرۆڤناسی، بۆ ڕێ تێبردنە ناو کولتووری کۆمەڵگایەک، لە چۆنیەتی ناساندنی مرۆڤ و پێگەی ئەو لە سیستم و دەزگای هەستی و بوونی ئەو کۆمەڵگایە دەدوێ، لە مرۆڤ دەڕوانێ کە جێگە و پێگەی لەو کۆمەڵگایەدا چییە و چۆن حەق و تەکلیفەکانی دابین دەبێت. چ بایەخ و ئیعتبارێک جێگا و پێگەی مرۆڤی لەو شوێنەی بووندا دابین کردووە. وا دیارە لە سەر ئەم بنەمایە ئەگەر بمانەوێت شوناس و ناسنامەی کۆمەڵگایەک بە دەستەوە بگرین و لە باقی کولتوورەکان جیای بکەینەوە، دەبێ لە بەشێک لە ناسینەکەماندا لە مرۆی ئەو کۆمەڵگایە و بایەخە سەرەکییەکانی بڕوانین کە دەبێتە هۆی ناسین و ناسنامەی ئەو، مرۆی کورد چ تایبەتمەندیگەلێکی هەیە و دەبێ چۆن پێناسەی بکەین؟ ئەو بایەخە سەرەکییانە وا مرۆڤی کورد هەڵدەبوێرێت لە باقی مرۆڤەکانی تر چین و سنوورەکانی چۆن زەق دەبنەوە؟

لە ڕۆمانی چریکەدا هەوڵ دراوە ئەم ئەستووندەکی مرۆڤناسانەی شوناسی نەتەوایەتییە لە چەند بایەخی سەرەکیدا توخ و پڕڕەنگ ببێتەوە و بە چەندپات کردنەوەی لە چەند بەشی جۆراوجۆری ڕۆمانەکەدا وەک مۆرێکی ئەرێنی بۆ ناساندن و جیا کردنەوەی کولتووری

کوردەواری مانۆڕی لەسەر کراوە.

میوان و میوانداری یەکێک لەو بایەخە سەرەکییانەیە کە کوردەواری پێ دەناسرێت و هەوڵ دەدرێت وەک سنوورێکی پڕڕەنگ لەگەڵ باقی کولتوورەکاندا هێڵبەندی بکات. هەڵبەت نووسەر نەهاتووە بە خیتابە و نووسینی ئەمری کۆمەڵناسانە و فەلسەفی ئەم ڕەوتە فیکرییە بەرەو پێش بەرێت، بەڵکو ئەمەگداری خۆی بە جۆری ئەدەبی ڕۆمان پاراستووە و لە ڕەهەندی گێڕانەوە و ڕووداوەکاندا و لە نێوان هەڵسوکەوتی کەسایەتی و نەقڵە کەونینەکاندا ئەم بایەخە سەرەکییانەی زەق کردووەتەوە، بۆ وێنە لە نەقڵی "مەرگ و میوان" دا حورمەت و شکۆی میوانداری لە لای ئێمەی بە جوانی پیشان داوە.

لە بەشێکی دیکەدا بە ناوی "ماریای شاژن" وێنەیەکی لە ژنی کوردەواری بە دەستەوە داوە و پۆرترەی بەرزی قەڵای سەربەمۆری ژنی کورد لە ڕەهەندی هەمان بایەخی میوانداریییەوە کێشراوەتەوە. ماریا وەک پەیکەرێکی زێڕین وایە و زۆرێکی زۆری لە پیاوانی شەیدای خۆی کردووە. قەڵافەت و جوانی و نەجابەتی ئەو ژنە وەها گەورە کراوەتەوە دڵ دەخوازێت بۆ جارێکیش بێت سیمای ڕاستەقینەکەی نەک تەنیا لە ناو دێڕی خوێندنەوەدا، بەڵکو لە دنیای واقیعیشدا ببینێت و نەشیبینێ، تێبکۆشێ بۆ دروست کردنەکەی لە دنیای بەرچاودا.

"ماریا گەنجۆخەلیل" ژنی "وەستا سمایلی میران"، لە ڕۆمانی چریکەدا ژنێکە لە ڕەهەندی مێژوو و دیرۆکەکانی کوردەوارییەوە بە پیرمانەوە دێت، ئەو ئاوێنەی باڵانوێنی ئەو ژنە ئوستوورەیی و ئارمانییەیە کە دەبێتە پێوەری ژنێکی بە سیاسەتی کورد، هەڵبەت سیاسەت نەک لە مانا عورفییەکەیدا، بەڵکو لە مانایەکی دەروونی و مەعریفیدا کە لە هەڵسوکەوت و تەگبیری مرۆڤێکی بە قەڵافەت و تەدبیردا خۆی نیشان دەدات.

لە چاوی ئەوانەوەی وا چاویان لە پەیکەرەی بە لەنجە و لاری ماریا بڕیوە: "ژن دەرەنگ و زووی هەیە دەنا دەتوانی شتەیێک لە ژن هەر بکەی!" بەڵام ماریا ئەم هەستە سەرەڕۆ و پیاوسالارانە بەرپەرچ دەداتەوە، ماریاش کوردە و میواندار، دەم شڕ و جنێو فرۆش نییە تا تەماحکارەکان بە چەکی دزێوی خۆیەوە ڕاوبنێت، خۆ دزینەوە و کڕووزانەوە لە زاتی بە زاتیدا نییە، میوانی خۆی بە ڕووسووری بەڕێ دەکات و گرینگ ئەوەیە قەڵای نەشکێن و سەر بە مۆری پەیکەری خودای جوانییەکەشی بە هیچ کلیلێک ناکرێتەوە. سیاسیکاری ئەم ژنە لە ڕەوتی گێڕانەوەدا خۆ دەنوێنێ، ماریا دیپلۆمات و فەننانە لە ئاڵوویێری کۆمەڵایەتی لەگەڵ پیاواندا و هەر بەم پێیەش هەموویان زەلیل دەکات.

( ٥ )

فەلسەفەی ژیان چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر پێچەڵاوپووچە و ئەستەمە بە کورتی وەڵام بدرێتەوە، لە مێژە بیرمەندانی مێژوو لە سەر ئەمە دواون و شەڕی فیکرییان لەسەر کردووە، هەرکەس و لەسەر بنەمای فیکری و جیهانبینی خۆی وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە و لەسەر ئەم وەڵامەی خۆیشی درێژەی بە ڕێگا و ژیان داوە، لە ڕۆمانی چریکەدا، ئەم کەڵکەڵە و وەڵامدانەوە بەم پرسیارە، ڕۆڵێکی گرینگی هەیە، وەک وتوویانە ڕۆمان ژیانە و ژیانی مرۆڤیش هەمەوولایەنە و چەند ڕەهەندییە، چریکەش وەک باقی ڕۆمانەکانی تر دەبێ بە ناخی ئەو ڕەهەندە پێچەڵاوپووچە هەزار ڕێیانەی ژیانی مرۆڤدا بچێتە خوارەوە وکونج کۆڵییان تێدا بکات، ئەمە بەشێکە لە تایبەتمەندییە گشتییەکەی مرۆڤ و لێرەدا هەڵیش دەکوتێتە سەر مرۆڤی ئەمڕۆییینەی کورد و دەیەوێ تایبەتمەندییە مرۆڤانەکەی کوردی سەردەم بخوێنێتەوە، نیگا و ڕوانگەی نووسەر لە ڕۆمانی چریکەدا ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەیە، لە زیاتری بەش و کەلێنەکانیدا دژایەتییەکی پڕڕەنگ لەگەڵ کۆن پارێزیدا دیارە و بە ئاشکرا پشتیوانی لە ڕوانگەیەکی شۆڕشگێرانە بۆ ئاڵوگۆڕ دەکات.

یەکێک لەو دژەبایەخانەی وا بەرەنگاری دەبێتەوە خۆفرۆشییە، لە بەشانێکی ڕۆمانەکەدا لەسەر کەشوهەوای بەیتە کۆنەکان و بە زمانێکی وەک بەیتەکان باس لە دژە بایەخی خۆفرۆش دەکات، هەڵبژاردنی ئەم زمانە دەمانباتە نێو ئەو بیرەوە کە وادیارە خۆفرۆشی و خاکفرۆشی بە درێژایی مێژووی کوردەواری هەبووە و ئێستاکەش لە جووڵە نەکەوتووە!

لە ڕۆمانی چریکەدا بەزمی گەل و کۆبوونەوەی سەر خوانێکی هەڤاڵان و یارانی گیانی، شەوقی مەجلیسی ئێمەیە و خۆفرۆشەکان نایانەوێ ئەو بەزم و گەل بەستنە دروست ببێت. وەک دەڵێت: "کورانی شۆڕەسواری ئەویندارى نیشتمان، چۆن لە چۆنن بۆ ژەمێ سفرەوخوانێکی دۆستانەی پاشی دە ڕووڕەشی دوژمنێ و شادی هەڤاڵان و شایی هاوڕێیانێک وا هەمیشەی

خودایە دڵۆپ دڵۆپ شینی شەهیدی ئەم خاکە خوێناوییەیان گێڕاوە؛ ئێستا جار بووبێ بە دزی و لە ناو دەروونی پڕ لە پەژارە و برینداری خۆ، یان ڕۆژانێک ڕەشەمەستێکی سەرهەڵگرتوو، بە بانگ و سەڵایە لە پڕمەی گریانیان دابێ."

نووسەری ڕۆمانی چریکە بەسەر ئەوەیدا کە ڕەش، یان سپی لە حەقیقەتی نەڕوانیوە و ترساوە لەوەی کە بکەوێتە داوی موتڵەق خوازییەوە، بەڵام سنوور و هێڵە سوورەکان زۆر تۆخ دەکاتەوە و ئەم لا، یان ئەولای باشی و خراپیمان لێ ئاشکراتر دەکات، کەڵکەڵەی ڕەخنەگری وای کردووە تا بە ئاشکرا داوەری ئەرزشی بکاتە چراقوەی ڕێگا بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت، لە چریکەدا پڕڕەنگ کردنەوەی سنووری چاکە و خراپە، لە بوون و نەبوون لەگەڵ هێزی جەماوەری خەڵکدا شی دەکرێتەوە، سنوورێکی پڕڕەنگ کێشراوە کە ئەم بەری سنوورەکە ئاقاری حەقیقەتی لەگەڵ خەڵکدا بوونە و ئەو بەریش جەهەندەمی تەنیایی و دژە خەڵک بوون؛ وەک دەڵێت: "ڕەش و سپی، ئاو و ئاگر، هێزێک پشتی بە قەندیلی جەماوەرەوەیە و لە ئاسۆی دووری ئەوپەڕی مێژوو دەڕوانێ؛ ئەوەش وا پشتی بە کات و ڕۆژ و لە سەر ئاخوڕانی ئەوێ دزانی نیشتمانە، هەر دەبێ دووبەرەکایەتی و دژی یەک ڕاوەستان ئاشکرا بێ! دووشتی دژی یەک، وەک تاڵ و شیرین. وەک... تۆ بڵێ... لۆکە و ئاسن. شەهید و تۆیەکان و شتانی ئاوا لێک دژ و دوژمن!".

(٦)

"خەونەکانی ئەهریمەن" ئاخری تەواو دەبێت و سەفەرێکی سوور دەست پێ دەکات. ڕۆژگاری ڕەشی وڵات لە سێبەری سەری شۆڕشێکی مەزندا تەواو کۆتایی پێ هاتووە، چ بکرێت و جەژنی ئەم سەربەستییە چۆن بڕەنگێت تا لە هەموو دنیادا دەنگ بداتەوە کە خەونی چەند سەد ساڵەی ئێمە هاتووەتە دی؟ هەڵبەت بەوەش دڵخۆش نەبین کە جەژنێک بەڕێوە بچێت، چون شۆڕش دەبێ تاوانەکانی پێش خۆشی بشواتەوە، ئەمەش لەوانەیە خۆی تاوانی تری لێ بکەوێتەوە، مێژووش ئەمەی نیشان داوە و هەمیشەش خوێن ڕشتنی دوای شۆڕشەکانی مێژوو دیاردەیەکی ئاسایی و بەرچاو بووە.

لێرەدا ڕۆماننووسی چریکە دەیەوێ ئاکامێکی مەیلەو خۆش بۆ ئێمە دروست بکات، تەنانەت نایەوێ لە نێو نووسراوەشدا ببێتە هاوبەشی تاوانی تاوانکارەکان و خۆی لە تۆڵەسەندنەوە دەبوێرێت، ڕۆمان چۆن کۆتایی پێ بێت و حەقی ئەم هەموو خوێنە بە ناحەق ڕژاوە چۆن وەربگیرێتەوە؟ ئایا ئەو هەموو تاوانبارە هەروا وێڵ بکرێن و هیچ لە هیچ بکرێن؟ یان بە ساندنەوەی تۆڵەی بێ گوناحەکانی پێش شۆڕش دیسانەوە چەرخی ئەم کوشتوبڕ و توندوتیژییە درێژە پێ بدەین؟

بۆ حەل کردنی ئەم دژایەتییە، ئەستەمە نووسەر کەڵک لە ڕوحییەی هەرەوەزی و گەل بەستن، تەنانەت لە نووسینی ڕۆمانەکەشیدا وەردەگرێت، لێرەوە بۆ کۆتایی هێنان بە ڕۆمان درێژەدان بە گێڕانەوە دەداتە دەست "مامۆستا گۆران". مامۆستا گۆرانی ئەوینداری جوانی و گەشت لە جادە چۆڵ و سێبەراوییەکاندا. ئەوی گەڕیدەی کۆڵان بە کۆڵان و جادە بەجادە، لێرەدا مامۆستا گۆران خۆیشی برینداری سەرەتی شۆڕش و تامی گرتووخانەیە، "کانیلە"ی کچیشی وەک دوکتۆر عەزیزی ئاگری لە زینداندا کوژراوە، بەڵام بەرەبەیانی دوای سەرکەوتنی شۆڕش دەست دەکات بە خاوێن کردنەوە و ڕازاندنەوەی زیندان و نەمام چاندن، ئەو زیندان دەکاتە موزەیەک بۆ دەرس وەرگرتن لە مێژوو.

مامۆستا گۆران کە باس و بیستنی کوشتوبڕ و دەرد و ناخۆشی ڕابوردوو تەنگی پێ هەڵچنیوە، ئیتر نایەوێ بۆ شەوێکیش بێت، باسی قین و قار و سیاسەت ببیستێ، پەنا دەباتە دیوە پڕ لە ڕۆمان و کتێبەکەی خۆی و دەست دەداتە ڕۆمانێکی نەناسیاو و خوێنراوە کە لەوێدا گەڵاڵەیەکی زۆر پیچەڵ پلووچ دێتە ڕوودان، مامۆستا گۆران هەموو تاوانکارەکانی پێش شۆڕش دەباتە نێو لاپەڕەکانی ڕۆمانەوە و بە ڕووشاندنی ویژدانیان نەخۆشیان دەخات، چکۆلە چکۆلەیان دەکاتەوە و وایان لێ دەکات دوای هاتنەوە بیری ئەو هەموو خوێن ڕێژیانەیان بۆ سوکنایی دەروونی دزێو و ناحەزیان، بە کۆمەڵ و بە خاو و خێزانەوە خۆکوژییان پێ دەکات و خۆیان هەر بە خۆیان لە ناو دەبات، گۆران کوردە و نایەوێ خوێن بە خوێن بشواتەوە، کورد لە مێژووی خۆیدا خوێنی زۆر ڕژاوە، بەڵام دەستی بە خوێنی کەسدا نەچووە، تەنانەت تاوانکارێکی وەک سەددام حسەین کە ئەنفال و ڕەشەکوژی بە کۆمەڵی بەسەر ئێمەدا داسەپاند نەکەوتە بەر تیخی جەزرەبە و قینی ئێمە!